# پلە و پێگەی ئافرەت لە تەفسیری شێخی خاڵدا

پ.ی د.عبدوڵلا ڕەسووڵ نەژاد
زانکۆی کوردستان / سنە / ئێران
a.rasoulnejad@gmail.com

سەعادەت مەحموودی
قوتابی ماستەر- زانکۆی کوردستان / سنە / ئێران

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥
بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**کورتەی بابەت:**

زاناو ڕۆشنبیری پایە بەرز مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ، وەک چاکخۆازێکی موسڵمانی کورد، هەموو هەوڵی بێ وچانی بۆ گەڵ وئایین و زمانی تەرخان کردووە، بە نووسینی ئاسەوارە بەکەڵک وپڕ کاکەڵەکانی تێکۆشاوە ئاوڕبداتەوە سەر هەر سێ بەشی سەرەکی کلتووری کۆمەڵگاکەی؛ بە نووسینی فەرهەنگ وپەندپێشینیان، هەروەها زیندووکردنەوەی نێوو ئاسەواری زانایانی کورد وەک بێتووشی ، نۆدیی و زەهاوی ، گرینگی بە زمان وکلتووری گەلەکەی داوە وئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ هێناوە؛ بەنووسینی ئاسەواری بەنرخ لە بواری فیکری ئیسلامیدا وەک تەفسیری قورئانی پیرۆز، ئەرکی ئایینێ خۆی بەجێگەیاندوە،هەروە ها بەنووسینی دەیان وتار لەسەر بابەتە سەر دەمیەکان، لایەنی ڕۆشنبیری خۆی ڕۆشن کردۆتەوە.

مامۆستای خاڵ، کە بەواتای خۆی"هەر لە سەرەتاوە پەروانەی شەمی قورئان وبولبولی شەیدای ئەم گولستانە بوەو پتر لە خۆراکی جەستە، عەودالی خۆراکی گیان بوە، پێیوابوە کە باشترین شت بۆ خۆیوگەلەکەی ئەوەیە کە بە زبانی کوردی تەفسیرێکی ڕەوان لە قورئان بکات کە هەموو کەسێک بەهرەی خۆی لێوەربگرێت؛ "جاهەر بۆیە بەڕاستی ئەم تەفسیرە ، یەکێکە لە بەنرخترین ئاسەوارەکانی مامۆستای خاڵو لەحاستی تەفسیرە هزریە نوێخوازە بەرچاوەکانی دنیای ئیسلامدایە، کە بە ڕوانینێکی سەردەمیانەو بەدوورلە خورافەو درۆی هەڵواسراو بە بەژن وباڵای ئیسلامەوە؛ ئاوڕی داوەتەوە سەر بابەتە نوێخوازیەکانی سەردەم. یەکێک لەم بابەتە گرینگانە داکۆکی بوێرانە لە مافی ئافرەتان ونواندنی پێگەو پلەی ژن لە ڕوانگەی ڕوونی ئیسلام لە تەفسیرەکەیدایە؛ بۆ نموونە لە ڕاڤەی ئایەتی٢٢٨سورەتی بەقەرە، دوای ئاماژە بە ڕوانگەی شیخ موحەممەد عەبدە و سەیید قوتب، باسی یەکسانی مافی ژن وپیاو دەکات ولە ڕاڤەی ئایەتی٢٣٢ی هەمانسوورە دا، بەتوندی سەرکۆنەی زۆر نەریتی نارێک ودژ بەهزرو زانستی وەک بەشوودانی نابەدڵی ئافرەت ، ژن بە ژنە وگەورەبەچووک دەکات.هەروەها لە ڕاڤەی ئایەت ی٨ی سووڕەتی تەحریم دا داکۆکی لە یەکسانی بەرپرسیارەتی دایک وباوک لە نێو ماڵ وخێزاندا ئەکات و دەیان بابەتی لەم جۆرە.

لەم وتارە دا بەپی توانا و بە شێوازی وەسفی شیکاری،چەند خاڵێک ی گرینگ لە بارەی پێگەی ژن لە تەفسیری مامۆستای خاڵدا ئەخەینە ڕوو تا نوێخوازی ئەو لەم بوارە هەستیارە، لە تەفسیرەکەیدا پیشان بدەین.

**وشە سەرەکی یەکان:** مامۆستای خاڵ، تەفسیری قورئانی پیرۆز، پێگەی ئافرە ت، نوێخوازی.

**پێشەکی :**

ئافرەت بە درێژایەتی مرۆڤایەتی لە ناو کۆمەڵگادا پێگەو باروودۆخی جۆراوجۆری بووە. لە کۆمەڵگای کووردیشا لە ١٤ سەدەی ڕابردوودا ، ئیسلام وەکوو ڕەوشتی ژیان و بیروباوەری زۆرینەی کورد پلەوپێگە ی ئافرەتی دیاری کردووە . بەڵام بە هۆی نەزانی خەڵک سەبارەت بە مانا و حوکمەکانی قورئانی پیرۆز ، زۆر جار تەنانەت بە ناوی دینیشەوە زووڵمێکی زۆر لە ئافرەت کراوە .

شێخی خاڵ لەسەر ئەو باوەرە بووە کە موسوڵمانەکانی ئەمرۆ بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە مانای قورئان، بوون بە پاشکەوتو . وە پێی وایە زانینی مانا و شرۆڤەی ئایەتەکان هۆی چاکسازی لە کۆمەڵگاو رەوشت و خووی جوان و شیرینە

بۆیە شیخی خاڵ لە رێگای قورئان و وتارە تەفسیرییەکانی دا دێتو جەخت ئەکاتە سەر مافی ژنان وە هەوڵ ئەدات پلەوپێگەی ئەوان لە ئیسلام دا ڕوون بکاتەوە وە ئەو بۆچوونە هەڵانە کە سەبارەت بەوان لە کۆمەڵگادایە ڕاستی کاتەوە وە بەتوندی سەرکۆنەی زۆر نەریتی نارێک ودژ بەهزر و زانستی وەک بەشوودانی نابەدڵی ئافرەت ، ژن بە ژنە و گەورەبەچووک دەکات وە ریگای خێر و چاکی کۆمەڵگا پیشانی خەڵکی دەدات .

ئامانجمان لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە پلەو پێگەی ئافرەت لە لای مامۆستای خاڵ و هەوڵ و تێکۆشانی سەبارەت بە نوێخوازی لەم بابەتە هەستیارەدا بخەینە بەرچاو .

گرنگی بابەتەکە : تێروانین بۆ فکرووبیری مامۆستای خاڵ و هەوڵ و تێکۆشانی لە بواری مافی ئافرەت دا بێگومان نوێخوازی ئەو لەم بوارەداو و تێکۆشانی بۆ چاکسازی کۆمەڵگامان بە جوانی بۆ دەرئەخات.

توێژینەوەکانی پێشوو : لەسەر شێخی خاڵ و هەوڵەکانی بۆ چاکسازی و ئاسەوارەکانی و تەنانەت وتارە تەفسیرییەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژدا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر بە نرخ نووسراوە وەکوو ( الشیخ محمد الخال مفسرا ) و زۆری تر لە کتێب و توێژینەوەکان ، بەڵام سەبارەت بە باسی ژنانوومافی ئەوان لە لای شێخی خاڵ، هیچ توێژینەوەیێکی تایبەتمان بەر دەست نەکەوت.

توێژینەوەکەمان جگە لە پوختەو پێشەکی لە دوو بەشی سەرەکی پێش هاتووەو هەر بەشێک لە چەن تەورێک پێک دێت.

**1-بەشی یەکەم**

**١-١ تەفسیری خاڵ**

مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ، کوڕی شێخ عەلی خاڵ، کوڕی شێخ ئەمینی خاڵ ، وەک چاکخوازێکی موسڵمانی کورد لە ماوەی ٨٥ ساڵ ژیانی پڕ سوود و بەرهەم ، هەمووهەوڵی بێ وچانی بۆ گەڵ وئایین و زمانی تەرخان کردوەو بە نوسینی کتێب و ئاسەوارە پڕکاکڵەکانی خزمەتێکی زۆری بە گەلی کورد کردووە . بە نووسینی فەرهەنگ وپەندی پێشینیان خزمەتی کردووە بە کەلتور و زمانی خۆی ، هەروەها ناوی زۆریەک لە ناودارانی کوردی وەک بێتووشی ، نۆدیی و زەهاوی بە نوسینی کتێب لەسەریان زیندووکردوەتەوە . لە بواری دینی و ئائینیشدا بە کتێبی تەفسیرەکەی ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە . هەروە ها بەنووسینی دەیان وتار لەسەر بابەتە سەر دەمیەکان، لایەنی ڕۆشنبیری خۆی ڕۆشن کردۆتەوە.

بێگومان یەکێ لە بە نرخترین بەرهەمەکانی شێخی خاڵ ، تەفسیری پیرۆزی قورئان بە زمانی کوردیە .

یەکەم کەسێ کە قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی تەفسیر کردەتەوە ، مەلای گەورە بووە و شێخ محەمەدی خاڵ وەک دەرچوویەکی قوتابخانەی مەلای گەورە درێژە پێدەری ئەو مێژووە بووەو ، دووەم تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی ئەنووسێت.

لە ڕاستیدا مەلای گەورە پێش شێخی خاڵ تەفسیری قورئان بە زمانی کوردی نووسیوە و لە نێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٣) تەفسیری هەموو قورئان تەواو کردووە ، بەڵام لە بەر دواکەوتنی لە چاپ دانی مێژووی تەفسیرەکەی دواکەوتووە و تەفسیری خاڵ هەر چەند تەواویش نەکراوە زیاتر پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە بواری تەفسیری کوردی دا .[1]

شێخی خاڵ لە ساڵی ( ١٩٣٥ ) تەفسیری جزمی (عم) عەمە بڵاو ئەکاتەوە ، پاشان لە ساڵی ( ١٩٥٦ ) جارێکی تر پێیدا دەچێتەوە وە هێندێ دەستکاری دەکاو لە ساڵی (١٩٥٧ ) جارێکی تر لە چاپی دەدات ، دواتر تەفسیری جزمی تەبارەک لە ساڵی ( ١٩٦٥) تەواو دەکات ، ئینجا بریار ئەدا کە تەفسیری هەمووی قورئان بنووسێت بۆیە ئەگەڕێتەوە بۆ جزمی یەکوو لە ساڵی ( ١٩٦٦) تەفسیری جزمی یەکەم تەواو ئەکات ، لە ساڵی ( ١٩٦٨ )یش جزمی دووەم ئەنووسێت .پاشان شێخی خاڵ کە سەیر ئەکا ئەبینێ زیاتری قوتابیەکان جزمەکانی ئاخری قورئانیان بەدەستەوەیە بۆیە لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) جزمی

[1] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم

بیست و هەشت تەواو ئەکاتوو پاشان دەس ئەکات بە تەفسیری جزمی بیست و حەوت . دوای ئەوەی کە جزمی بیست و حەوت تەواو ئەکات جارێکی تر ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قورئان وە لە ساڵی ( ١٩٨٠ ) جزمی سێیەم تەواو ئەکاتوو لە ساڵی ( ١٩٨٤ ) لە چاپی ئەدات ، بەڵام بەداخەوە پیری و نەخۆشین و ئەجەڵ مۆڵەتی نادا کە هەموی تواو بکات.[1]

شێوازی نووسینی تەفسیرەکە بەو جۆرەیە کە دەس پێکی هەموو لاپەڕەیێک بە ئایەتێ یان چەن ئایەتی قورئانویە ، ئینجا خەتێک کێشراوە و وەرگێراوەکەی لە ژێرا نووسراوە ، دوای ئەو خەتێکی تر کێشراوەو تەفسیرەکەی نووسراوە . جگە لە تەفسیر لە هەندێ لە ئایەتەکاندا ئاماژەی بە چەندین خاڵوو پەندوو وانە کردووە کە لەو ئایەتەوە لێی فێر دەبین .

ئەم تەفسیرە تایبەتمەندی زۆری هەیە ، پرۆفسۆر دکتۆر ئاراس محەمەد صالح لە توێژینەوەیێکی خۆی دا بە ناوی ( هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری ئیسلاح و نوێ کردنەوەی بیری ئایینی دا ) ئەم تایبەتمەندییانە لە ٩ خاڵ دا ناو ئەبات کە بریتییە لە ئەم خاڵانە :

١-ئەم تەفسیرە ، تەفسیرێکی ئەدەبی-کۆمەڵایەتییە ٢- مامۆستای خاڵ لەم تەفسیرەدا ، تەفسیری قورئان و زانستی نوێی پێکۆ گرێ داوە ٣- ئەم تەفسیرە بە پرسەکانی لاوان و منالان و خێزان و ئافرەتان گرنگی داوە ٤- ئاماژەی کردووە بە حیکمەتەکانی شەریعەتە قورئانیەکان ٥- مامۆستای خاڵ تەفسیرەکەی دوور کردووە لە ئیسرائیلییاتوو خورافەو شتی بێ سوودوو گوماناوی ٦- گرنگی داوە بە بابەتەکانی ئیعجازی قورئان بە سوود وەرگرتن لە حەقیقەتە زانستیەکانی سەردەم ٧- کەمتر چووەتە ناو باسی جیاوازیە فیقهییەکان و گرنگی زۆری نەداوە بەو بوارە ٨- ئەم تەفسیرە ڕوانگەو بۆچوونی هەڵەی موسڵمانانی لە ڕووی ڕەوەشتوو عەقیدە و خواپەرستییەوە کە زۆر شتی نابەجێ تێکەڵاوی ئاینداری موسوڵمانان بووبوو لەو بوارەدا ڕاست ئەکاتەوە ٩- مامۆستای خاڵ لەم تەفسیرەدا بیر و باوەڕە ئیسلامییەکانی لەگەڵ بیرە نوێکانی سەردەم وەک سووشیالیستی و دیموکراتی و بیروو بۆچوونی ڕۆژ هەڵات ناسانی بەراوەرد کردووەو ڕاستی و بەرزی ئیسلامی لە بەرامبەریاندا دەرخستووە .[2]

### ١-٢ گوتارە تەفسیرییەکانی خاڵ لە گۆڤاری ( گەلاوێژ) دا :[3]

شێخی خاڵ هەوڵەکانی خۆی سەبارەت بە شرۆڤەی قورئانی پیرۆز تەنیا لە کتێبی تەفسیرەکەی دا بڵاو نەکردووەتەوە بەڵکوو لە دوای بڵاو کردنەوەی تەفسیری جزمی عەم ، و لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژدا لە نێوان ساڵانی ( ١٩٣٩-١٩٤٩ ) دا دەرفەتێکی چاکی بۆ هاتەتە پێش تا بێتو لەو گۆڤارە دا تەفسیری هەندێ لە ئایات بە شێوازێکی نوێی بڵاو بکاتەوە .

ئەم شێوازە نوێیە لەڕاستی دا هەمان هەوڵوو شێوازی ڕێبەرانی قوتابخانەی نوێخوازی شێخ محەمەد عەبدە و زانایانی ئەم قوتابخانەیە . ئەم قوتابخانە یە هەوڵی داوە کە لە ڕێگای گۆڤاروو ڕۆژنامەوە ، تەفسیری ئایەتەکانی قورئان بدەن بە گوێی خوێنەر داو لە وێوە ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بکەن و خەڵکی هۆشیار بکەنەوە .

لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی عەرەب دا گۆڤاری ( العروة الوثقي ) و ( المنار ) لەم بووارەدا پێشەنگن ، وە لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی کوردیدا گۆڤاری ( گەلاوێژ ) وە شێخ محەمەدی خاڵ پێشەنگی ئەو ڕێبازەن .

دەکرێت کە شێخی خاڵ لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی نوێخوازییەوە و ئەو گۆڤارە عەرەبییانە و گۆڤارەکانی تری زانایانی میسر و زانکۆی ئەزهەر ، هەوڵی تەفسیری خۆی بە شێوازی گوتاری ڕۆژنامە نووسی دابێت و بڵاو کردبێتو .

بەڵام بە داخەوە بە هۆی داخرانی گۆڤاری گەلاوێژ و نەبوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی وەک پێویست لەو سەر دەمەدا ، شێخی خاڵ نەیتوانیوە لەسەر پرۆژەکەی بەردەوام بێت .

---

[1] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، «گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ( لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن)» ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارەی ٥٧ ، لاپەرەی ١٦١-١٨٩

[2] بروانە: محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٣ ) ، « هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری ئیسلاح و نوێ کردنەوەی بیری ئایینی دا » ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارەی ٤٣ ، لاپەرەی ٧-٢٢

[3] بروانە : محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم

**١-٣ بارووددۆخی ژنان لە کوردستانا بە شێوازێکی گشتی:**

بارووددۆخی ژنان و چەوساندنەوەیان لە کوردستان چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بابەتێکی ئاڵۆز و فرە لایەنە کە کاریگەری کەلتووروو سیاسەتوو ئاینوو مێژووی لەسەرە لێرەدا سەیری بارووددۆخی ژنان دەکەین لە هەردوو هەرێمەکەدا.

پێگەی ژنان لە کوردستان :

١- کەلتووری کوردی: لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی کوردیدا ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە خێزان و کۆمەڵگادا. هەندێک لە هۆزە کوردییەکان ڕێزیان لە ژنان دەگرتوو دەیانخستە ناو بڕیارەکانی خێزانەوە تەنانەت ئەگەر بواری بۆ ڕوخسابێت ،تواناییەکانی خۆی دەرخستووە وە ئەوە ڕوویداوە کە بتوانێت فەرمانڕەوایی بکات وەکوو : شاخاتوونی بتلیسی و خانزادەی سۆران . [1]

٢- جەنگ و قەیرانەکان: شەڕوو قەیرانی سیاسی لە کوردستان وایکردووە ژنان وەک ڕزگارکەری کۆمەڵگا ڕۆڵ بگێڕن ئەوان ڕۆڵی چالاکیان هەبووە لە خەباتی ئازادیخوازیدا وە شان بە شانی پیاوان دژی دوژمن جەنگاون .[2]

٣- مافە کۆمەڵایەتیەکان: سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی لە هەندێک ناوچەی کوردستان (بەتایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) بەدەستهاتوون، هێشتا ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە. توندووتیژی خێزانی، هاوسەرگیری زۆرەملی و جیاکاری کەلتووری هێشتا ماوە.

بە گووتەی میرشەرەفخانی بدلیسی لە کتێبی شرەفنامە دا [3] لە کۆمەڵگای کلاسیکی کوردستان لە سەدەی شانزدەهەمی زاینیدا ژنی کورد لە زۆر شت بێبەش بوون. ئەو لەوێدا بە بێبەش بوونی ژنی ئاغەوات و سێحەب مڵکەکان لە ژیانی ڕۆژانە ئاماژە دەکات. بەڵام ژنی کورد بە درێژایی مێژوو شان بە شانی پیاوان و بگرە لەوانیش چاکتر لە گۆڕەپانی کاروو تێکۆشانوو ماڵوو منداڵوو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان ماندوو بووە.

بەداخەوە لە کۆمەڵگای کلاسیکی کوردەواریدا لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزانی ئەوەندە گوێڕایەڵی خۆشەویستی کچووکوڕ نەبوونوو هەر کات کچووکوڕ کاتی زەماوەندیان دەهات، گەورەکان بڕیاریان دەدا و خوازبێنی و زەماوەند بە دیاردەی قیزەونی ژنبەژنە و کچ بە شوودان سەری دەگرت کە زۆر جار لەبەر نابەدڵ بوونی وەسڵەتەکە کچ و ژن ڕەدوو دەکەوتن کە بە گۆڕانی زەمانوو کەلتووروو فەرهەنگی کۆمەڵگا ئەم دیاردەیە ڕووی لە نزم بوون کردووە بەڵام بە داخەوە هێشتا هەر هەیە و ماوە .

لە کۆتایی دا بارووددۆخی ژنان لە کوردستان کاریگەری فاکتەری مێژوویی و کەلتووریی و سیاسییە ؛ هەرچەند پێشکەوتن لە بواری مافەکانی ژناندا بەدیهاتووە، بەڵام هێشتا ئاستەنگی زۆر ماوە.

**١-٤ هەوڵەکانی مامۆستای خاڵ بۆ چاکسازی کۆمەڵگای کوردی:**

شێخی خاڵ بە حوکمی ئەوەی کە قازی بوو و پێش و پاشی قازییەتیش هەمیشە لەنێو خەڵک و لەگەڵ خەڵکدا بووە ، بەتەواوی و بە وردی ئاگاداری ئەو کێشە و گرفتانە بوو کە لەنێو خەڵکدا هەبووە و ئاگاداری ئەو نەخۆشی و نەزانیانە بوە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا بون .

شێخی خاڵ وەک زانایەکی ئاینی دڵسۆز هەوڵیداوە هەڵوێست بنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگادا بوون ، وە هەوڵی دا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکوو دژایەتیکردنی وە وەستان بەرامبەر ئەو بیرو باوەڕە هەڵەوپووچانەی نێو خەڵکی .

بێگومان یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگایێ کێشەی ژنانە چونکە ئەمان بە هۆی نەزانی و دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەوە زیاتر تووشی زوڵم و زۆر و ناحەقی کردن پیان ئەبن .

---

[1] ڕەوەند ساڵح حەسەن ، (٢٠٢٤) ،صافی هیرانی؛نەوای شیعروچرای نیشتمان ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی یەکەم

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[3] بڕوانە : میرشەرف خانی بەدلیسی ، (١٤٠٣) ، شەرەفنامە ( مێژووی ماڵە میرانی کوردستان ) ،مامۆستا هەژار ، پەخشانگەی زانکۆی کوردستان

یەکێ لەو خاڵانەی کە شێخی خاڵ لە گوتارە تەفسیرییەکانی دا ئاماژەی پێ ئەدا وە هەوڵ ئەدا بۆ چاککردنی ، باس کردن لە کێشەی ژنان و ئەو زوڵم و زۆرەیە کە لە ژن کراوە ؛ چونکە بە داخەوە زۆربەی کات ئەم زوڵم و زۆرانە بە ناوی دین و دین دارییەوە کراوە ؛ وە هەر بەو جۆرەی کە لە کاتی خوێندنەوەی تەفسیرەکەدا تێ ئەگەین ، شێخی خاڵ کێشەی ژنان زۆر بە گرنگ ئەزانێ وە پێ وایە نەزانی پیاوان و باوکان لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ژنان و کچانا هۆی تەڵاق و کێشەی ناو کۆمەڵگایە . لە درێژەی وتارەکەدا هەوڵمان ئەوەیە کە چەند خاڵێکی گرینگ لە بارەی پێگەی ژن لە تەفسیری شێخی خاڵدا بخەینە ڕوو تا نوێخوازی ئەو لەم بوارە هەستیارە، لە تەفسیرەکەیدا نیشان بدەین.

**٢- بەشی دووەم**

**٢-١ یەکسانی مافی ژن و پیاو بە پێی ئایەت و فەرموودە :**

شێخی خاڵ لە تەفسیری ئایەی ٢٢٨ی سوورەی بەقەرەدا (وَ لَهُنَّ مِثْلُ الَّذي عَلَيهِنَّ بِالمَعروفِ) بە دەرفەتێکی چاکی دەزانێت کە بێت و باسێک لەو زوڵم و زۆرانە بکات کە سەبارەت بە ژنان و مافی ژن ئەکرێت.

شێخی خاڵ لە کتێبی تەفسیرەکەی دا سەبارەت بە مانای ئەم ئایەتە زۆرتر لە ڕوانگەی تەڵاق و ژن تەڵاق دانا ئەدوێت چوونکە باسەکە لە ئایەتەکانی پێشوو و دواییی ئەم ئایەتەدا باسی تەڵاقە ، بۆیە زۆر بە کورتی بە چەن خاڵێکی گرینگ ئاماژە دەکاو ئەفەرمێت (( بۆ ژنان هەیە بەسەر مێردەکانیانەوە مانندی ئەوەی کە بۆ مێرد هەیە بەسەر ژنیەوە بە باشی ، وە بە پێی باوی ناوخۆ ، وە ژن و مێرد لە هەموو شتێکا وەک یەکن بێ زیاد و کەم ))[1]

وە بەم شێوە باسەکە درێژە پێ ئەدا و مافی هەر کام لە ژن و لە پیاو لە کاتی تەڵاقا سەبارەت بە یەک ڕوون ئەکاتەوە .

ئەمجار دێتە سەر ئەو بەشی ئایەتە کە ئەفەرمێت : ( وَ لِرِّجالِ عَلَيهِنَّ دَرَجَة)(البقرە/٢٢٨) لێرەدا ئاماژە بە تەفسیری سەید قوتب ئەکا و ئەفەرمێت (( وە بۆ پیاوان هەیە بەسەر ژنە تەڵاق دراوەکانیانۆ یەک پلە کە ئەوە بۆ ئەوان نییە ، ئەویش وەک چۆن سەید قوتب ئەفەرمووێ – ئەوەیە کە پیاو ئەتوانێ پەشیمان ببێتەوە وە لە عیددەدا ژنەکەی بباتەوە ، بەڵام ژنەکە ناتوانێ خۆی بکاتەوە بە ژنی مێردەکەی – کە وابوو مەبەس لەم پلەیە هەر ئەمەیە ، نەک بە تێک ڕایی بۆ هەموو شوێنێک ))[2]

شێخی خاڵ جارێکی دیکە ئەم باسە بە شێوازێکی تر لە گۆڤاری گەلاوێژدا ئێنێتە پێشەوە وە نووسینەکەی خۆی لەسەر یەکسانی مافی ژن و پیاو لە ساڵی ( ١٩٤١) دا بڵاو ئەکاتەوە . دیارە کە لەوکاتەدا زۆربەی کۆمەڵی کورد نەزان و نەخوێنەوار بووەو ئەمەیش خۆی هۆکاری بەدڕەوشتی کردن بەرامبەر بە ژنان بووە ، بۆیێک شێخی خاڵ بە شێوازێکی نوێخوازی دێتوو ئەم نووسینەوەی خۆی سەبارەت بە مافی ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بڵاو ئەکاتەوە .

پێش هەموو شت شێخی خاڵ باسی بارودۆخی ژنان ئەکات لە ناو کۆمەڵگادا ، باسی ئەوە ئەکا کە پێش نازڵ بوونی قورئان و هاتنی ئیسلام ژنانی داماوو هەژار زووخاوو تاڵاوێکی زۆریان چێشتووە وە دەربەدەری و سزای زۆریان دیوە ، تەنانەت ئەفەرمێت کە (( وەک تۆپی یاری لە هەموو لایێکەوە بە شەق تێیان هەڵداون و دەردی سەریان داون . چوونکە بە لایانۆ وابووە کە ژن سەر چاوەی هەموو شەڕ و ناخۆشییەکە .))[3] وە ئاماژە بەوە ئەدا کە ئەم کێشەیە تەنیا هەر لە لای کوردەکان نەبوە بەڵکو ئەوروپاییەکان و فارس و عەرەبیش بە هەمان شێوە زوڵمیان لە ژن کردووە وە تەنانەت کچانی جوان و جەحێڵی خۆیان زیندە بە چاڵ کردووە . وە باس لەوە ئەکات کە ئافرەت ئەونە زوڵمی لێئەکرا کە لە کەلەپور( میرات)ی باوک و کەس و کاری بێ بەش و ناهۆمێد بوە.

[1] شێخ محەمەدی خاڵ ، (٢٠٢١) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم ، لاپەرەی ٢٤٧

[2] بڕوانە : شێخ محەمەدی خاڵ ، (٢٠٢١) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و ڕۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم ، لاپەرەی ٢٤٧

[3] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم

لێرەدا دێت و بە شێوازێکی عاقڵانە و زیرەکانە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا زۆر شت بۆ خەڵکی و کۆمەڵگا ڕوون ئەکاتەوە. لە دەس پێکا ئاماژە بەوە ئەدا کە یەکەم کەس کە هات و دڵی سووتا بۆ حاڵ و وەزعی ئەم ژنە هەژارانە ، پێغەمبەری خوا بوو _ درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت _ وە ئەفەرمێت کە پێغەمبەری خوا دەستی کرد بە رزگار کردنی ژنان لە دیلی و پێوەندی بەندەگی لە پێ داکەندن و هێنانیە ڕێزەی پیاوانەوە (( بە رەنگێکی وا کە لە زەمانی پێغەمبەردا ژن و پیاو پێکەوە لە ژووری مزگەوتا جومعە و جەماعەتیان کردووە ، وە گوێیان لە وەعز گرتووە ، وە بە تێکەڵی بە دەوری کەعبەدا تەوافیان کردووە .)) [1]

ئینجا چەن حەدیسیک ئێنێتەوە وە ڕوونی ئەکاتەوە کە لەم فەرموودانەیشدا ژن و پیاو پێکۆ و لە یەک ئاستدان . وەکوو حەدیسی ( طَلَبُ العِلمِ فَريضَةٌ علي كَلِّ مُسلِمٍ ) [2]لێرەدا پیاو و ژن هەر دوو پێویستیان بە خوێندن و زانینە .

((وە ئەفەرمێت کە لە ڕێکخستنی عائیلە و خێزان ژن سەرداری ماڵ و منالە وە ئەو فەرموودەیە ئێنێتەوە : ( كُلُّ نَفسٍ مِن بَني آدم سَيِّدٌ فَالرَّجُل سَيِّدُ أَهلِهِ وَالمَرأةُ سَيِّدَةَ بَيتِها ) [3]واتا هەموو ئادەمیزادێ جۆرە گەورەییکی هەیە ، بەم ڕەنگە پیاو گەورەی عائیلەو خێزانیەتی ، ژنیش گەورەی ماڵ و منالیەتی))[4] . لێرەدا ڕوونی ئەکاتەوە پێغەمبەری خوا بەم شێوازە ژنی کردووە بە هاوشانی پیاو بە گەورەیێکی فەرمان ڕەوا لە ماڵا.

دوای ئەم باسانە دێتە سەر شروڤەی ئایەتەکەو دوای ئەوەی کە بەم شێوەیە مانای ئایەتەکە ئەکاتەوە (( ژنان حەقیان هەیە بەسەر مێردیانەوە بە وێنەی ئەو حەقەی کە مێرد هەیەتی بەسەر ژنیەوە بە پێ عورف و عادەت )) [5] ئاماژە ئەکات بە برێک لەو حەققانە و ئەفەرمێت (( هەر وەک ژن ئەبێ خیانەت و ناپاکی نەکا لە مێردی ئەمیش ئەبێ وابێ دەربارەی ژنەکەی ، وە هەروەک ئەو نابێ دڵی ئەم بشکێنێت ئەمیش ئەبێ وابێ ، وە هەر وەک ئەو لە ماڵا خەریکی ئیش و کار و خزمەتی مێردی ئەبێت ئەمیش ئەبێ لە دەرەوە وا بێ وە هەمیشە هەوڵ بدا بۆ خۆش گزرانی ماڵ و منالی ، وە هەروەک ئەو نابێ شەرواڵ پیسی کات ئەمیش نابێ داوێن پیسی کات ))[6]

و یەکسانی ئەم حەقە لە بەینی ژن و پیاوا بەوە دائەنێ کە ژن و پیاو هەردووکیان ئینسانن ، خاوەنی هۆش و گۆش و ژیری و بیرن ( عقل و فکر ) و سەنگینی و گرانین ( تمکین و وقار )ن ،بۆیێک هەم ژنو هەم پیاو چاویان لە قازانج و سوودی خۆیانە وە حەز بە خۆشی خۆیان ئەکەن . بە ڕای شێخی خاڵ داد و عەدالەت نیە ئەگەر یەکێ لە ژن و پیاو بێتو بە چاوی سووکی تمشای ئەویتر بکا ، یان بیکا بە بەندەی خۆی ، وە لە کار و باری خۆیا بەو جۆرەیکە حەزی لێیەتی هەڵی سووڕێنێ ، وە ئەڵێ کە پێوستە هەر دوو لا زۆر زۆر حورمەتی یەک بگرن ئەگینا ڕشتەی خۆشەویستیان زۆر زوو ئەپچڕێت .

وە کاتێ ئەگاتە ئەم بەشی ئایە کە ئەفەرمێت : ( وَ لِرِّجالِ عَلَيهِنَّ دَرَجَة ) ( بقرة /228) مانای ئەکاتو کە هەیە بۆ پیاو بەسەر ژنیەوە بەرزی و گەورەیی . پاشان دێت و شرۆڤەی ئەکاتەوە کە (( ژینی ژن و مێرد ژینێکی کۆمەڵییە وە هەموو کۆمەڵێک گەورویەکی ئەوێ تا ئەوانی تر لە ژێر قسەی دەرنەچن ، وە ئەگەر دەمەقاڵێ یا ناکۆکیان بوو ئەو گەورەیە زوو بە زوو بیبرێتەوە ، دیارە کە هەر پیاو شایستەی ئەم سەرداریيە یە ، بۆیە شەرعیش گوزەرانی ژن و ئاگاداری کردنی خستوتە سەر شانی پیاو . )) [7]

---

[1] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم ، لاپەرەی ٦١

[2] ابن رجبی حەنبەلی لە کتێبی ( جامع العلوم والحكم ) دا ئەم حەدیسەی هێناەتو. تەبەرانی لە ( المعجم الأوسط ) دا و بەیهەقی لە ( شعب الايمان ) دا ئەم حەدیسەی دەرهێناوە و حەدیسێکی صەحیحە .

[3] الذهبي لە کتێبی (سير أعلام النبلاء ) دا ئەم حەدیسە بە ڕیوایەتی ابو هريرە ئەگێرێتەوە . ابن عدى لە ( الكامل في الضعفاء ) و ابن السنى لە ( عمل اليوم والليلة ) ئەم حەدیسەیان دەرهێناوە .و حەدیسێکی صەحیحە .

[4] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم ، لاپەرەی٦٢

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[7] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، لاپەرەی ٦٦

**٢-٢ باسی بە شوودانی کچانوو ئەو مافەی کە هەیانە بەسەر بنەماڵەیانۆ**

ئەم بابەتە لایەنی جیاوازی هەیە و شێخی خاڵ هەوڵیداوە ئاماژە بە هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی پەیوەست بەم بابەتە لە کۆمەڵگای کوردیدا بکات ؛ و هەموو مافو پێگەی ژنان و کچان روون کاتەوە .

**کێشەی یەکەم** : هێشتنەوەی کچان و شوونەدانیان لە کاتی خۆی دا

دیارە لە کۆمەڵگای کووردی دا زۆر کات کچیان ئەهێشتەوە لە ماڵ بۆ کار و ئەرک و زەحمەت ، یا خود چوون کەسێک نەبو خزمەتیان بکات ئەو کچەیان بە شوو نەئەدا با کەسێ بە دەمیانەوە ببێ بۆ کار و باریان . یان زۆر کات دایک و باوکەکان مەرجی زۆر قورسیان بۆ قبووڵکردنی زاوا داناوە وە ئەگەر کورەکە ئاغە نەبوایە یان خاوەنی پارە و زەویی و خانوو نەبوایێ ، نەیان ئەکرد بە زاوای خۆیان و کچەکەیان پێ نەئەدا .

شێخی خاڵ لە شرۆڤەی ئایەتی ٣٣ سوورەتی نووردا ( وَ لا تُكرِهوا فَتَياتِكُم عَلي البِغاءِ إن أرَدنَ تَحَصُّناً ) ئاماژە بەم ڕەوشتە ناپەسەندە ئەکات و دەفەرمێت کە ئەشێ کچەکانتان لە کاتی خۆیدا بدەن بە شوو لە یەکێکی وا کە خاوەنی ڕەوەشت و خوویێکی چاک بێت وە گوزەرانێکی باشی بێت وە لە ناو مەردووما پایەیێکی بێت و کچەکەیش حەزی لێ کات و هاوتەمەنی خۆی بێت . بۆیە دێ بە گژی ئەو دایک و باوکانەیا وە ئەفەرمێت (( چە خوا هەڵ ئەگرێ کچێکی پێگەیشتووی شەنگ و شۆخی لاوچاک بهێڵرێتەوە لە ماڵا وە نەدرێ بە شوو ، باوک و براکانیشی لەبەر چاوی ئەو ژنی جوان جوان بۆ خۆیان بێنن ، یەکێ تۆزێ ویژدانێکی پاکی بێ ئەزانێ کە ئەمانە زۆر زۆر گوناهن وە خوا پێی ناخۆشە .)) [1]

**کێشەی دووەم** : لەگەڵ ئەوانەیایە کە کچانی گەنج و منالی خۆیان بە شوو ئەدەن بە پیاوانی پیر و بەساڵا چوو :

زوڵمێکی تر کە لە کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگاکانی تریش هەیە بەرامبەر بە کچان ئەوەیە کە خێزانەکان ، کچانی گەنجی خۆیان لە پیاوانی بەتەمەن و بە ساڵا چوو مارە دەکەن و ئەمەش زیاتر لەبەر پارە و پێداویستی دارایی ڕوودەدات.

شێخی خاڵ بە گژی ئەوانەیا ئەچێتو کە بە شیربایی و پارەی زۆر یان بە خشڵ و زەردینە هەڵ ئەخەڵەتێن و کچی جوان و جەحێڵی خۆیان ئەدەن بە پیاوێکی پیر ، و ئەفەرمێت (( توخوا چۆن خوا هەڵ ئەگرێ کچێکی پاک و تەمیزی جوان و جەهێڵی باڵا لاو لاو بدرێ بە پیاوێکی قرخنەی سەر و ڕیش سپی وا کە سەری لە گوێی قەبر بلەرزێ)) [2]

**کێشەی سێیەم :** ئەوەی کە کچ بدەی بە شوو بەوەی وا کە حەزی لێ ناکات یان خۆد لە شانی خۆی دا نییە

شێخی خاڵ لە تەفسیری هەمان ئایەت دا ئەفەرمێت : نەخەڵەتابن کچتان بدەن بە یەکێکی وا کە حەزی لێ ناکا . ئینجا ئاماژە بەوە ئەدا کە ئاینی ئیسلام خۆشەویستی بەینی ژن و مێردی مەبەستە بۆیە ڕێی داوە تا سێ جار ئەو ژن و مێردە پێش مارە کردن یەک ببینن وە لەگەڵ یەک قسە بکەن تا حەز لە یەک کەن وە خۆشەویستییان لە دڵی یەکدا ریشە داکوتێ تا مردن .

شێخی خاڵ دوای ئەمەی کە ئەم سێ کێشە بە جوانی بۆ خەڵک ڕوون ئەکاتەوەو لە وتارە تەفسیرییەکەی دا بە تەواوی شرۆڤەی ئەداتەوە ، لە کۆتایی دا باسی تەڵاق ئەکا و پێ وایە ئەم سێ ڕەوشتە ناشرینە کە لە ناو کۆمەڵگادایە ، هۆی تەڵاقە و دەرئەنجامی ئەبێتە تێک چوونی بنەماڵەکان ، وە هۆی بەد ڕەوشتی و گووناحی گەورە و خەیانەتە لە بەینی ژن و مێرددا . چوونکە ئەم جۆرە بە شوو دانە هیچ بناغەیەکی پتەو لە نێوان ژن و پیاودا دروست ناکات . وە ئامۆژگاریش ئەکات کە ئەگەر کچ کاتی گەییشت کە شوو کا و بە رەزای دڵی خۆی داتان بە شوو ئەمجار هۆشی ئەوەشتان بێت کە زۆر سەخت

---

[1] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، لاپەرەی ٧٤

[2] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، لاپەرەی ٧٤

نەگرن لە زاوا و پارەو خەرجی زۆری لێ داوا مەکەن کە کچ و کورەکە خۆیان دواخری تووشی قەرزاری و دەردسەری نەبن .[1]

**٢-٣ماف و پێگەی ئافرەت لە کاتی تەڵاق دا :**

یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا توشی ئەبێت ، دیاردەی تەڵاق و جیابونەوەیە . شێخی خاڵ وەک زانایێکی چاکسازی خواز هاتووەو لەسەر ئەم بابەتە شرۆڤێکی تێرو تەسەلی نوسیوە.

پێش ئەوەی کە بێتە سەر ناوەرۆکی باسەکە وەکوو دەس پێکێ دێتو باس لە تەڵاق لە ئیسلامو لە ئایینەکانی ترا ئەکات . ئەڵێت کە تەڵاق تەنیا هەر لە ئیسلام دا نییە بەڵکو لە ناو عەرەب و فارس و یۆنانی و رۆمانیوو جولەکەو گاوریشا بووە ، بەڵام لە پێش ئیسلام تەڵاق ژومارەیەکی تایبەتی نەبووە و بۆ پیاو بووە کە تا هەزار جار ژنی خۆی تەڵاق باو بیهێنێتەوە .[2]

لێرەدا شێخی خاڵ ئاماژە ئەکات کە ئەم جۆرە تەڵاقە لە ڕاستییا زۆر ئەزێتو ئازاری تیا بووە بۆ ژن ، چونکە پیاوی وابووە ڕقی هەستاوە لە ژنەکەیو ویستوویەتی سزاو ئازاری بدات ، تەڵاقی داوەو لە ئاخیری عیددەدا دوبارە بردویەتەوە لای خۆی وە تەڵاقی داوەتوو دیسانۆ بردویەتەوە و ئەو ژنە داماوە بەم رەنگە ماوەتەوە ، نە تەڵاقی کەوتووە تا بچێ شوو کا بە یەکێکی تر و نە مێردەکەیشی بووە تا بەخێوی بکاو گوزەرانی بدا .

هەر بۆیە شێخی خاڵ سێ تەڵاقە لە ئیسلامدا وەکوو دانانی ماف بۆ ژن ناو ئەباتوو لە کتێبی تەفسیرەکەی دا فەلسەفەی ئەم حوکمە ئاوا باس ئاکا ، کە زۆر جار ناخۆشیو ناسازی لە بەینی ژنوومێردا پێش دێتو لە یەک جیا ئەبنەوەو پیاوەکە ژنەکەی خۆی تەڵاق ئەدا بەڵام دواخری پەشیمان ئەبێتەوە ئەوە بۆی هەیە تا دووجار ژنەکەی گەرێنێتەوە لای خۆی؛ بەڵام کە بوو بە سێ جار ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەم دوو کەسە لە ئەخلاقدا یەک ناکەون وە جیابوونەوەیان باشترە و شەرعیش ئێتر ڕێگە نادا پیاوەکە ژنەکە بەرێتەوەو بە ئارەزووی خۆی یاری بە ژنەکە بکات .[3]

ئەمجار کە ژنو پیاو هاتنە سەر تەڵاق دیسانۆ باسی مافی ژن لە زۆر لایەنەنی جیاوازەوە دێتە پێش کە شێخی خاڵ زۆر بە وردی و زۆر بە جوانی هەمووی شی کردووەتەوە.

یەکەم : کاتێ پیاوەکە ژنەکەی خۆی تەڵاق ئەدات بۆی نیە ئەوەی پێشتر پێیداوە لی بسێنێتەوە: ( و لا یَحِلُّ لکم أن تَأخذوا مِمّا آتَیتموهُنَّ شَیّئا ) ( بقرة / 229) بەڵکو ئەبێ شتی تری پێ بداو دڵنەوایی بکات و حەقی نیە قین و کینەی لێ بکێشێت و ئەزێتی بدات . بەلام ئەگەر بێتو ژنەکە داوای تەڵاق بکا لە مێردەکەی ، لەبەر ئەوەی کە حەزی لێی نییەو ئەترسێ کە نافەرمانی کا ، لێرەدا ژنەکە حەقی هەیە داوای تەڵاق لە شووەکەی کات و چی وەرگرتووە لی پێداتەوە ، لەبەر ئەوە وایش نەبێت کە ئەو پیاوە بە جارێ ژنەکەیشی بڕوا و ماڵەکەیشی .[4]

دووەم : کاتێ ژنەکە تەڵاق درا بنەماڵەی ژنەکەیش حەقیان نیە جڵەوگیری بکەن لە ژنەکە ئەگەر بییەوێت گەرێتەوە بۆ لای مێردەکەی خۆی یا دوای ئەوەی کە عیددەی تەواو بوو شوکات بە یەکێکی تر کە خۆی بیەوێت .[5]

سێیەم : خوای گەورە لە قورئان دا وا حوکمی کردووە کە ئەگەر پیاوێک ژنی خۆی سێ تەڵاقە دا ئێتر ناتوانێ دوبارە ئەو ژنە بێنێتۆ مەگەر بەو مەرجەی کە ئەو ژنە شوو کات بە مێردێکی تر ، ئینجا ئەگەر ئەم پیاوەیش تەڵاقی دا یا مرد ، ئێتر گوناح نییە لەسەر ژن و مێردە ( کۆنەکە ) ، کە شووبکەنەوە بە یەک . لێرەدا شێخی خاڵ باسی ڕەوشتێکی زۆر ناشرین ئەکا کە لەو سەردەمەدا باوی بووە وە ئەویش ( مارە بە جاشە ) وە هەوڵ ئەدا کە بە شیوازی شرۆڤە کردنی ئەم ئایەتە خەڵک لە خراوی و پیسی ئەم کارە ئاگادار کاتەوەو ئەفەرمێت : ((داخی بە جەرگم هێندێ کەس لە گیانی ئایەتەکان و فەلسەفەی ئایەتە تێنەگەیشتوون ، و فێڵ لە خوا ئەکەن ، بەم رەنگە ،ئەو ژنەی کە سێ بە سێ تەڵاقی کەوتووە ، مارە ئەکەن

---

[1] بڕوانە : محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، لاپەرەی ٧٦

[2] محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ، لاپەڕەی ٩٧

[3] بڕوانە : شێخ محەمەدی خاڵ ، (٢٠٢١ ) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و رۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم

[4] بڕوانە : شێخ محەمەدی خاڵ ، (٢٠٢١ ) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و رۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو

لە کابرایێک – کە پێی ئەڵێن جاش – بۆ تاقە شەوێک ، لە پاشا کە تەڵاقی داو عیددەی بەسەر چوو مارەی ئەکەنۆ لە مێردە کۆنەکەی )) [1]. و ئاماژە بەوە ئەکات کە ئەم مەسەلەیە بووەتە پەڵەیەکی رەش بە ناوچاوانی ئیسلامییەتەوە ، وەئەفەرمێت ئەم کارە زۆر گوناحێکی گەورەیە هەر بۆیە پێغەمبەری خوا نەفرینی کردووە لە جاشەکەیش و لە ژن و مێردەکەیش : ( لَعَنَ اللهُ المُحلل و المحلل له ) [2]

**٢-٤ باسی ژن بە ژن :**

یەکێ لە رەسمە زۆر ناشرینو قیزەونەکان کە چ لە ناو کوردەواریو چ لە ناو عەرەب دا بووە ، ژن بە ژنە .

مامۆستای خاڵ زۆر بە قورسی دژی ئەم رەسمە پیسە ئەبێتەوەو ئەفەرمێت کە خوا چۆن هەڵئەگرێت کە برایێک ژن بۆ خۆی بێنێ و لە بەرامبەردا خوشکەکەی خۆی مارە بکا لە باوکی ژنەکەی کە پیرێکی هەفتا ساڵەی . و پێی وایە کە ئافرەت ئەگەر بە دڵی خۆی نەدرا بە شوو وە بەم شێوازە هەڵانە شوو بکا ئەوە سەر ئەکێشێ بۆ روخاندنی خێزان و ماڵ وێرانی منالەکان .[3]

**دەرئەنجامی بابەتەکە :**

ئافرەت بە درێژایەتی مرۆڤایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردیا پێگەو باروودۆخی جۆراوجۆری بووە و زۆر جار تووشی زوڵم بووە ؛ شێخی خاڵ بە حوکمی ئەوەی کە قازی بووەو ئاگای لە حاڵ و وەزعو کێشەی ژنان بووە ، هەوڵیداوە هەڵوێست بنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و هەوڵی دا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکوو دژایەتیکردنی و وەستان بەرامبەر ئەو بیرو باوەرە هەڵەوپووچانەی نێو خەڵکی .

لە بەشی یەکەمدا کەسایەتی شێخی خاڵ و ئاسەوارەکانیمان باس کرد و بۆمان دەرکەوت کتێبی تەفسیرەکەی یەکێکە لە بەنرخترین ئاسەوارەکانی شێخی خاڵ و ئەوول کتێبی تەفسیری کوردییە کە بڵاو کراوەتەوو ولە چاپ دراوە ، پاشان بە کوورتی باسی ئافرەتمان کرد لە کۆمەڵگای کووردی و هەوڵەکانی شێخی خاڵ بۆ چاک سازی لەم بووارەدا .

لە بەشی دوو هەمی توێژینەوەکەماندا ئەو کێشانەی کە مامۆستای خاڵ روونی کردەتۆ سەبارەت بە ئافرەتمان خستە بەرچاو و هەوڵمان دا کە بیرو روانگەی مامۆستای خاڵ سەبارەت بە هەر کامیان روون کەینۆ .

ئەو خاڵانەیشی کە هێنامانە بەر چاو بریتییە لە :

١-باسی ئەوەمان کرد کە ژنووپیاو لە مافدا یەکسانن و ئەو گەورەییەی کە خوای گەورە لە قورئان دا بۆ پیاوی داناوە بە رای مامۆستای خاڵ بۆ ئەوەیە کە شەرع گوزەرانی ژن و ئاگاداری کردنی خستوەتە سەر شانی پیاو نەک بۆ ژن بە کەمتر زانین بێت .

٢-باسی بە شوودانی کچانمان کرد و هەموو ئەو زوڵمانەی کە لەم بوارەدا بە کچ ئەکرێت ، وەکوو دانانی مەرجی سەخت بۆ وەرگرتنی زاوا لە لایەن بنەماڵەکانەوە وەکوو ئەوەی کە ماڵودارایی و زەمینی زۆری هەبێت وە یان بە شوو دانی کچانی گەنج بە پیاوانی پیرووبەساڵا چوو یان بەوەی کە کچەکە حەزی لێی نییە . و وتمان کە شێخی خاڵ پێ وایە کە ئەم رەوشتە ناشرینانە کە لە ناو کۆمەڵگادایە ، هۆی تەڵاقە وە دەرئەنجامی ئەبێتە تێک چوونی بنەماڵەکان .

٣- باسی مافی ئافرەتانمان کرد لە کاتی تەڵاق دا کە چون ئەشە بە رێز و حورمەت لەگەڵ ژندا مامەڵە بکرێت .

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەی ٣٥٤

[2] بروانە بۆ هەمان سەرچاوەی پێشوو- ئیمامی ئەحمەد لە کتێبی المسند دا ئەم حەدیسەی هێناوە.
راوی حەدیسەکە عبدالله بن مەسعودەو ترمزی و نەسائی و ئەحمەد هەمویان ئەم حەدیسەیان دەرهێناوە و حەدیسێکی صەحیحە.

[3] بروانە : شێخ محەمەدی خاڵ ، (٢٠٢١) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و رۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم

٤- لە کۆتاییشدا وەکو یەکێ لە دیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵگا باسی ژن بە ژنمان کرد و وتمان کە شێخی خاڵ پی وایە کە هەرکەسێ ئەگەر تۆزێ ویژدانی بێت ئەزانە کە ئەم کارە چەنێ زووڵم و ناشرینە .

**سەرچاوە کوردییەکان :**


کتێب :

١- خاڵ ، شێخ محەمەد ، (٢٠٢١) ، تەفسیری خاڵ جزمی ١و٢و٣و٤و ، سلێمانی ، ناوەند ی هزریی و رۆشنبیری خاڵ ، چاپی یەکەم

٢- حەسەن رەوەند ساڵح ، (٢٠٢٤)، ئافرەت لە شێعرە کوردییەکانی صافی هیرانیدا ، صافی هیرانی؛نەوای شیعروچرای نیشتمان ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی یەکەم

٣- میرشەرف خانی بەدلیسی ، (١٤٠٣) ، شەرەفنامە ( مێژووی ماڵە میرانی کوردستان ) ،مامۆستا هەژار ، پەخشانگەی زانکۆی کوردستان

٤- محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا،، سلێمانی ، ناوەندی سارا ، چاپی یەکەم

توێژینەوە :

١- محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٨ ) ، «گوتارە تەفسیریەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڤاری گەلاوێژ دا ( لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن)» ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارەی ٥٧ ، لاپەرەی ١٦١-١٨٩ ،

٢- محەمەد ساڵح ، ئاراس ، ( ٢٠١٣ ) ، « هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری ئیسلاح و نوێ کردنەوەی بیری ئایینی دا » ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارەی ٤٣ ، لاپەرەی ٧-٢٢


سەرچاوە عەرەبییەکان :


١-ابن حنبل ، احمد ،(2001) ، مسند احمد ، مؤسسة الرسالة

2-الحنبلي ، ابن رجب ، ( د.ت) ،جامع العلوم والحكم ، دارابن كثير

3-شمس الدين الذهبي ، محمد ، ( 1985 ) ، سير أعلام النبلاء ، مؤسسة الرسالة ، الطبعة الثالثه